# شاتان

کۆ شیعر

ئامادەکرنی

سەربەست مەجید خۆشناو

**ناوی کتێب: شاتان**

**بابەت: کۆ شیعر**

**ئامادەکردنی: سەربەست مەجید خۆشناو**

**دیزاینی بەرگ و ناوەوە: سەرباز خۆشناو**

**مۆنتێڤ: ماکوان خۆشناو**

**تیراژ: ١٠٠٠دانە**

**چاپخانە: منارە ـ هەولێر**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکان**

**ژمارە سپاردنی (٢٧٤٠) ساڵی ٢٠١٣ ی دراوەتێ.**

# وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر و وەرزش و لاوانی هەولێر

## بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری و هونەری شەقڵاوە

## پێشکەشە بە:

## شاعیرانی شەقلاوە

# پێشەکی

لە نێو چالاکییە جۆراو جۆرەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان، سالأنە کۆڕێکی فراوان بۆ ژمارەیەك لە شاعیرانی سنووری قەزای شەقلاوە ساز دەکەین، ئەم سالٚ بە سوپاسەوە رەزامەندیی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆشنبیری و هونەر و وەرزش و لاوانی هەولێرمان وەرگرت بۆ ئەوەی بتوانین ئەو شیعرانەی لە دیداری پار سالٚ و لە کۆڕی ئەمسالٚی شیعرخوێندنەوەدا، لە دووتوێی کتێبێك کۆیان بکەینەوەو چاپیان بکەین.

دەبێ ئەوەش بلٚێین کە لاپەڕەکانمان بەسەر ژمارەی شاعیرەکاندا دابەشکردووە، هەندێك لەو شیعرانەی لێرەدا بلأوکراونەتەوە، لە بەر سنووردارکردنی کاتی شاعیرەکان، لە کۆڕەکاندا دەرفەتی خوێندنەوەیان نەبووە، بەلأم پێشکەش بە لێژنەی سەرپەرشتی کرابوون، بۆیە بە پێویستمان زانی هێندەی لەبار بێت لە وانیش بلأو بکەینەوە.

بێگومان بێجگە لەو شاعیرانەی شیعریان لێرەدا بلاوکراوەتەوە، چەندین شاعیری دیکەی بەتوانا لە سنووری قەزای شەقلاوەدا هەن، هەندێکیان بانگهێشت کران و دەرفەتی بەشدار بوونیان نەبوو و هەندێکیشیان ئێمە دەرفەتی بەشداری پێکردنیانمان نەبوو، هیوادارین دەرفەتی داهاتوو بۆ ئەوان بێت و ئێمەش بتوانین لەمەودوا بەرهەمی کۆڕە ئەدەبییەکانیان بە چاپ بگەیێنین.

گرنگیی چاپکردن و بلاوکردنەوەی بەرهەمی کۆڕە ئەدەبییەکان ئەمڕۆ بۆ سنوورێکی وەك شەقلاوە بایەخێکی زۆری هەیە، لەلایەك ئێستا لەو سنوورە هیچ رۆژنامەو بلاوکراوەیەکی ناوچەیی نییە بایەخ بە بەرهەمی ئەدیب و نووسەران بدات، لەلایەکی دیکە زۆرێك لە شاعیران و نووسەرانی شەقلاوە وەکو پێویست بایەخ بە بلاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان نادەن.

دڵنیاین ئەم هەوڵە هاندەر و جێی بایەخی شاعیران دەبێ و کونجێك لە کتێبخانەی کوردی دەگرێت و سەرچاوەیەکی

بەسوودیش دەبێت بۆ ئاشنابوون بەشاعیران و بە ئاست و پێگەی شیعری، بۆ ئەمڕۆی شەقلاوە.

هەوڵمانداوە لەتەك بەرهەمەكانیان، بەچەند دێڕێك شاعیرەكان بناسێنین، لە ریزبەندییەکەشیاندا پشتمان بە ریزبەندیی پیتی کوردیی ناوەكانیان بەستووە و پەیوەندیی بە تەمەن و ئاستی شیعرییانەوە نییە.

لە كۆتاییدا هیواداریین لە روانگەی جوان بینییەوە لەم هەنگاوەمان بڕوانن و هاوكارمان بن بۆ بەردەوامی و كاری باشتر و گشتگیرتر و بێ گلەیی تر.

سەربەست مەجید خۆشناو

بەڕێوەبەری رۆشنبیری و هونەری شەقلاوە

كانونی یەكەمی ٢٠١٣

# ئاودێر

ئیسماعیل محەمەد خدر، نازناوی شیعریی (ئاودێر)ە، لە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی ماوەرانی سەر بە قەزای شەقلاوە لە بنەماڵەی (حەیدەری) لەدایك بووە، لە شەقلاوە نیشتەجێیە.

لە ساڵی ١٩٧٨ ەوە دەستی بەبلاوکردنەوەی شیعرەکانی کردووە، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی رۆشنبیرانی پێشکەوتنخوازی شەقلاوە و ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە و ئەندامی دەستەی نووسەرانی بلاوکراوەی (شالوور) بووە. بەشداریی لە زۆربەی ئەو کۆڕانەدا کردووە کە بۆ شیعر خوێندنەوە لە شەقلاوە سازکراون، تا ئێستا کتێب یان نامیلکەی شیعریی خۆی بە چاپ نەگەیاندووە بەلام ژمارەیەکی زۆر لە شیعرەکانی لە ژمارەکانی بلاوکراوەی شالوور و گۆڤاری شەقلاوە و گۆڤاری سەفین (لە شاخ) و چەندین بلاوکراوەی دیکە، بلاوکراونەتەوە.

# ئاهەنگی یەکتر ناسین

دەست پێکردنێکی قەشەنگ

لە جۆزەردانێکی درەنگ

هەنگاوی دوو مەلی حەزی

قاڵبووی ئیشقە

بۆ خۆ تەڕکردن لە زەریای

رۆمانێکی ئەوینداریی پەمەیی رەنگ!.

کەوێکی ڕاو

لە بناری سەفینەوە

قاسپە قاسپی حەیرانێکی بەرزی چیایی

ئاوێتەی نەرمە خوێندنی

کوکوختییێکی بێ ناز و

**دەستەمۆی شاریی کردووە!.**

**ئێوارەیەك**

**لەسەر سەرە بڵندەکەی قەلاتەوە**

**دوو هەناسەی پڕاو پڕی خۆشەویستیی**

**ئەگۆڕنەوە!.**

**چ گەردی بێ مرادییان لە دڵدایە**

**بە هەڵدانی پەیمانەی بەیەك گەیشتن**

**ئەشۆرنەوە!.**

**ئەوان .. دوو هاودەمی مەستن**

**بەلام وریا وهەستەوەرن**

**لە چاوبڕکێ و گمە گمی**

**کۆترە رەنگاو رەنگەکانی**

**دارستانەکەی محەتتە و**

**باخی گڵکەند و منارە .. ئاگادارن!.**

**کۆڵان  کۆڵان**

**گەڕەکە دێرینەکانی**

**عارەب و خانەقا و تەعجیل**

**بە مام شێخەڵلا ئەسپێرن!.**

**بە دەوری دار گوڵەباخ و**

**کەنار گۆمی پارکی هەولێر**

**چاو بۆ هێلینێ ئەگێڕن!.**

**جۆخینی دەردە تەنیایی**

**بەیەکەوە و بەدڵنیایی**

**بەبا دەکەن!!**

**قەیرە ڕامووسانی گەرم**

**گەرم و هێمن .. تێکەڵ شنەی**

**شەوبا دەکەن!!.**

**ئەگلەنجەی شادمانی یە و**

**چەندین سرتە و زەردەخەنە**

**ئاوێزانی سەما دەکەن!!.**

٢٠٠٤/٤/١٦

# رێچکەیەك

خۆشەویستم:

کە دەمبینی بە داماوی

وا مەزانە کە تۆراوم..

دوای بەسەرچوونی تەمەنێك

لە هیچ شۆخێ نە ئالاوم!.

وەکو فەرهاد

لەسەر پەیمانی خۆم ماوم

وەك دێوانە

بە ئیشقی شەمێ سووتاوم

وەهاش تێ مەگە بگۆڕێم

نەگۆڕاوم!.

**چونکە بە گیراوەی خەستی**

**پەیوەکانت گۆش کراوم**

**لەناو دەریای خوێناویدا**

**لە بەهرەی خوا پێداویدا**

**هەر ئەوەتە نەختکاوم....!.**

**لە سەرە رێی چوار کۆڵاندا**

**حەپەساوم...**

**لە دیار بەگژ یەکداچوونی**

**سەرخۆش و مەست و گێلەکان**

**سەر سوڕماوم...**

**من بەو هۆیەوە تاساوم**

**لای خەڵک گێژی تەواوم!.**

**وزەی ویستم:**

**دەپرسی .. رەنگم بۆ زەردە**

**یان دڵم تاوێرە بەردە..**

**بە جوولەی ئەنگوستی شادە**

**فێرت کردم**

**کەوا دەمم بکەمەوە**

**ئارەقەی شیوی مەمانت**

**تنۆك تنۆك**

**زامم وەسۆ بێنێتەوە**

**ئەو خوناوەی سەر قەرسیلی**

**بنار کوڵمە سوورەکانت**

**بخۆمەوە**

**جارێکیش بێ .. ژەنگی دڵە کۆست کەوتەکەم**

**بشۆمەوە**

**بە هزرێکی هەژارانە**

**هۆزانی ساکار و پاراو**

**بۆ دڵدارە ژوانکارەکان**

**بهۆنمەوە!.**

**تۆوی کۆششی خۆماڵیی**

**لە کێڵگە وشکبووەکان بچێنمەوە**

**سەری بێڤل بڵندەکان**

**لە ئاست ئەسرینی قەتیسی**

**نێرگزە ناز کوژراوەکان.. دا بێنمەوە!.**

**شیرینەکەی کوردەواری:**

**گوریسی بەرهەمی رەنجت**

**خاو بۆتەوە..**

**بە ئاوازی**

**« با دەست لەناو دەست کەین هەموو»**

**تەشیی رستنی جارانت**

**سەما دەکا و دەخولێتەوە..**

**گەرووی ماندووت**

**هەناسەی ئومێد نەبڕاوت**

**وا سترانی**

**«ئەی یار ئەی یار رۆیی یارم»**

**بۆ قەیرەکانی دەڤەرم دەڵێتەوە!.**

**ئارخەیانم* هەتا هەبیت**

**خۆری هیوا**

**لە نێوان دوو برۆکانت هەڵدێتەوە**

**ئیدی هەوری نەزۆك پێشی ناگرێتەوە!.**

**پرشنگی ئەستێرەی چەمت**

**تینی هەنگاوی ئەوینە و**

**جۆششی کوڕی سەر مەستان**

**کارا ئەکا...**

**زەردەخەنەی نەیار کوژت**

**هێزی یەکلاکەرەوەیە و**

**بەردەوامیی بە کاروان و**

**چرا ئەدا...!.**

١٩٧٨/٣/١٣

*ئارخەیانم: دڵنیام


-MARWAN-

# دلشاد گۆڤەندی

دڵشاد سەعید عەزیز، ناسراو بە (دڵشاد گۆڤەندی).

لە گوندی ئەرگوش هاتۆتە دنیا.

دبلـــۆمی لـــە بـــواری پزیشـــکیدا هەیـــە و کارمەنـــدی نەخۆشخانەی هەریرە.

مـــاوەی پێـــنج ســـاڵ بەرپرســـی ســـەنتەری رۆشـــنبیری هـــەریر بـــووە. لـــەو ماوەیـــەدا بڵاوکـــراوەی (خـــانزاد) یـــان دەرکردوە.

لە چەندین کۆڕ و بۆنەدا شیعری خوێندۆتەوە.

# عومەرێ خاوەر

**ئەز عومەرێ خاوەرم**

**خودان قەهرو**

**کەسەرم**

**لپێشی چەندی سالا**

**ل کولان ودەرو مالا**

**پێنج هزار**

**کوردێن ڕەسەن**

**بێ کەس وکارو ڕەبەن**

**ئێک ژوان زاڕوکێ من**

**خینا جەرگ و**

**دلێ من**

**بتنێ من هەر ئەو هەبوو**

**من هیڤیەک پێ هەبوو**

**ڤرڤرۆوپوستاڵ ڕەشا**

**ژنەجاشی و**

**حەبەشا**

**هاتن ماڵویران کرم**

**بو دنیایەک دی**

**برم**

**دنیایا بێ ئۆمێدا**

**نەئێڤاری وسپێدا**

**من هیڤیاژینێ نەما**

**مام بو هەمبانا خەما**

**نە یوئێن ونە غەرب**

**نەخەتاسوورزەرب**

**نەعەرەب و**

**نەعەجەم**

**نە فارس و نەسەنەم**

**قەت نەهاتن**

**بتاونا من**

**دابینن حالێ من**

**حالێ من وەکی جارا**

**بو دوژمن ونەیارا**

**دابەیان کەم ئەزکیمە**

**ئەز ئاری و رۆستەمیمە**

**ئەز هەرئەوم ئەوێ هەی**

**گەر هندی هەیژی ببەی**

**بێنا سێڤێ چونینە**

**ئەوسیوارەك**

**بێ زینە**

**زین بوهەسپێ بەلەکە**

**کەزی درێژوو خەلەکە**

**دگەل باکۆزێ**

**باهۆڕەك**

**ب پانیا چیایێ کورەك**

**ژ بڵندایێ بەربو**

**هەڵمەکا سپی لسەر بو**

**وەرن برابیینن**

**وێ دیرۆکێ بخینن**

**دیرۆکا ڕەش وتەرەز**

**بنڤیسن بداڤامەرەز**

**دابمینن بۆ دەما**

**بو ماف پەروەرو**

**بێ خەما**

**هادی عەرەب**

**خودان بیر**

**نڤیسەرو رۆناکبیر**

**ئەو رۆناکبیردبێژیت**

**رۆندکێت چاوادرێژی**

**خوزی ئەز عەرەب نەبام**

**لوێ ناسنامێ نەبام**

**چونکی غەدر هەر غەدرە**

**خین رژیایە**

**ب هەدرە**

**پێنج هزار کەللێت سەرا**

**پیرولاوگەردن زەرا**

**هەمی هاتن  قڕکرن**

**ماڵوێران بون ئەو مرن**

**بەلێ مرنەکابوەختی**

**دێ گەرییێنەو سەر تەختی**

**ئەو تەختێ شهادەتێ**

**یا معجیزەو  عیبرەتێ**

**هەتا دونیا دونیایە**

**ناڤی هەڵەبجەمایە**

**دێ هۆزانا ڤەهینین**

**ناڤێ هەڵەبجەی**

**ئینین.**

# لوی وولاتی

**لوی وولاتی**

**شێر ڕیڤیەو**

**ڕیڤی شێرە**

**زێڕ ئاسنەو**

**ئاسن زێڕە**

**زیبە خانێ**

**لاچکێت مەشکا خوبهەژینەو**

**وەرە ئێرە**

**ل دووراندوورێت من بزڤرە**

**کا ئەز ساغم یان مریمە**

**وەرە ئێرە**

**لوی وولاتی نەکەو بخۆ**

**سفرا بەرهە ڤ**

**زمان ب شوول و**

**مێهژی بخە ڤ**

**ڕاستی و درە ڤ**

**هەردو وەك هەڤ**

**لوی وولاٚتی**

**فیتەر خودانێ نوٚڕینگیٚو**

**نوژدار قولٚبڕەکی شێرە**

**دەشتەو پاژوو**

**چیا دارستانوٚ لێڕە**

**لوی وولاٚتی**

**خورتی وبەگی وئاغایەتی**

**سەپاندن وپاشایەتی**

**لبەختێ قەو مەکێ هێڕە**

**لوی وولاتی**

**پەروەردەیا بیهانیا**

**حم حم ودەنگێ صوفیا**

**سوجدە برنە بەرێت پییا**

**بڵندە وەك**

**دار کنێرە**

**لوی وولاتی**

**سەربووردەیارێگەو بانا**

**جەنجاڵیا بێ ویژدانا**

**یا گەهیە**

**پەردێت ئەسمانا.**

# هۆسیوارۆ

چیاحەلیان

تو هەر وەک خۆ

دە راڤۆکژی بونەدەریا

ئەڤین چی بون ل دلی پەریا

تو هەر وەک خو

ئەو سەکڤانی ل دوویرە وولات

دەرووجا را

لی کر هەیهات

سەفین هەژیا

مەتین گریا

تەژی ب لویلیا تفەنگا خۆ

**پاڵ دایە وشاخ وحسارا**

**تە نەدزانی**

**ترس چیە**

**برس چیە**

**هەی سیوارۆ**

**بهاری**

**ڕەش پۆشی چێکر**

**پایزێژی**

**بەڵک وەراندن**

**تەژی ب لویلیا تفەنگا خۆ**

**جەردە و جەللاد ڕاتەقاندن**

**چیا حەلیان**

**توهەروەک خۆ**

**دەریاژی مەزترلی هاتن**

**جووک وجووبار**

**بونەو روویبار**

**دگەل رەوشا تە بونەو هەڤکار**

**بەس درک ودال**

**هەرێت مای و**

**دکەمبەراشویتکا تەراخۆڤەشارتی**

# زانا خۆشناو

زانا صالح مستەفا، ناسراو بە (زانا خۆشناو)

لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٨ی شاری شەقلاوەیە، دبلۆمی لە بواری پزیشکی هەیە، یەکەم هۆنراوەی خۆی لە ساڵی ١٩٩٩ لە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە پێشکەشکردووە.

ئەندامی کۆمەڵەی رۆشنبیرانی پێشکەوتنخوازی شەقلاوەیە، لە چەندین کۆڕو بۆنەدا شیعری خوێندۆتەوە و لە گۆڤار و رۆژنامەکانیشدا بەرهەمی بڵاوکراوەی هەیە.

نزیکەی حەوت ساڵ دەبێت بەرپرسی ڕاگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی شەقلاوەیە.

# ڕەشماڵی بێ وەفایی

ڕۆژانێک بوو

وەک چاوەڕێی سێدارە بم

لە حەسرەتی بێوەفایی

گەردوونی خەم

باغەوانی حەزەکانت بووم

خەرامانی خەونەکانت بووم

ئەمجارەیان

رۆژ بارگەکەم ئەپێچمەوە و

بە شەو ئەڕۆم

شەوبارە گەرد گرتووی کۆڵم

جێ ناهێڵم

**زەردەخەنەی ئازارێك و**

**فرمێسکی دڵدارێك و**

**شیعری بێدارێك**

**بەدوای خۆمدا ڕائەکێشم**

**لە گەڵ سێبەری هەنگاوەکانی خۆزگەیەکدا**

**هەنگاو ئەنێم**

**لەگەڵ یەکەم هەنسکی**

**هەناسەی شەودا ... پشوو ئەدەم**

**لەگەڵ موسافیرە گەڕیدەکە..**

**دەست لە ئەژنۆ..**

**لە دەرگای خەیاڵی ناز و ئارەزوت ئەدەم**

**ئەڕۆم و ناوەستم**

**تا ئەو کاتەی**

**دێوەزمەی شەوە ئەنگوستە چاوێك**

**ڕێم پێ ئەگرێ**

**تا ئەو کاتەی**

**ئەژدیهای حەوت سەرەی شەوە زەنگێک**

**شەوبارەکەم پێ دائەگرێ**

**نا ... نا**

**ئەو کاتیش هەر ناوەستم**

**شەوبارەکەم بەجێ دێڵم ..**

**کوێرانەش بێ هەر ئەگەڕێم**

**تا رەشماڵە قەرەجەکان ئەدۆزمەوە**

**تیای پاڵکەوم**

**چونکە هەرگیز لە ژێر ڕەشماڵی بێ وەفایی تۆ**

**ناخەوم..**

٢٠١٣/٩/١٠

# شنەی کۆچ و نیشتمانم

ڕووم لە ئاسمانێکی بێ خەوشی کپ و بێدەنگ بوو،

چۆلەکەکان دەمیان لە زەوی بوو

بێ جوڵە وەستابوون

من بێدەنگ بووم

لە درەنگە وەرزێکا

ئاسمان ساماڵ و

شەقام چۆڵ و

منیش تەنیا

درەختەکان بەدەم پێکەنینەوە..

شنەی کۆچ

شنەی بزەیان .. ئەدا بەڕوی فرمێسکەکان

**هەر بێدەنگ بووم**

**ناچار لەسەر پێخەفەکەم هەڵسام**

**چاوەکانم ووشک کردەوە..**

**دڵم کردە لانەی هەتیوێک**

**چاک تێیگەیشتم... شەوسوارێک بووە..**

**بەرە و مەملەکەتی کۆچ کەوتۆتە رێ**

**گەیشتبوو و نەگەیشتبوو..**

**هاوارێک هەڵسا**

**بۆی چووم تێ ی نەگەیشتم**

**نەمزانی کێ یە..**

**ناو نەنراوە..**

**ناچار چوومە ژووری**

**خەریکی ناو ریزکردن و ناو بێژکردن بوون**

**هەندێکیان فڕێ ئەدان**

**هەندێکیان ئەخستە هەگبەی رووخسارم**

**خۆم کرد بە ژوورەکەم و لە سوچێکدا..**

**لێ ی پاڵکەوتم**

**میوانداریی چەند خەونێکم کرد و**

**لەگەڵیان چوومە ژوان**

**بە سانایی پێ یە ئێش هەڵگرەکانم درێژکرد..**

**دەستم خستە سەر سینگم**

**وردە ... وردە...**

**چاوە بێ نازەکانم کپ ئەبوون**

**پێ ئەچوو حەزیان لە گرین بێ**

**تێر گریان و ..**

**تێر فرمێسکیان کردبە ملوانکە و**

**کردیانە دیاری دۆستایەتی نێوان من و نیشتمان..**

**نیشتمانم .. ئەی خەڵوەتگەی هەموو ژیانم..**

**من ئەڵێم و تۆش پێ ئەکەنی**

**من ئەڕۆم وتۆش پێ ئەگری**

**من لە سەمفۆنیای ئەم ئاوازانە تێناگەم...**

**سەردەمێکی درێژ بوو..**

**دەڤەری نیگای چاومان**

**چۆڵ بوو لە پیرۆزی عیشق**

**چۆڵ بوو لە پیاسەی پەپوولە..**

**چۆڵ بوو لە لەشی جووان**

**چۆڵ لە پاکی .. چۆڵ لە جوانی**

**هۆ نیشتمانی بێ نازم**

**کەرەمێ کە.. لە هەرێمی روخسارتەوە.**


**پەپوولەیێ.. خێری گوڵی دڵی من کە...**

**دەوەرەوە..**

**با لە خۆشی تۆ وڵاتمان نوێ کەینەوە..**

**ئاڵای کوردستان بە بەرۆکی نیشتمان شۆڕکەینەوە...**

٢٠١٣/٩/١٠



# سەرباز خۆشناو

سەرباز مەجید عومەر ناسراو بە (سەرباز خۆشناو)، لە ساڵی ١٩٦٤ لە شەقلاوە لەدایك بووە، بڕوانامەی بەکالۆریسی لە زمان و ئەدەبی کوردی بەدەستهێناوە، جگە لە شیعر، چیرۆکیش دەنوسێ.

دامەزرێنەری کۆمەڵەی رۆشنبیرانی پێشکەوتنخوازی شەقلاوەیە، خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری شەقلاوە و سەرنووسەری بلاوکراوەی شالوور بووە، بەشداریی لە چەندین کۆڕی شیعرخوێندنەوەکردووە و شیعری لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان بلاو کردۆتەوە.

بەرهەمە چاپکراوەکانی:

١. بوخچە رقێکی پیرۆز: نامیلکە شیعر، ١٩٩١.
٢. شوانە ئازاکە: ئۆپەرێتە شیعر، ٢٠٠٤ .
٣. لە وەرزی هەنگوین و لە وشکە ساڵیی شیلەدا: ملوانکە شیعر . ٢٠٠٥.
٤. پەلکەژن: کۆچیرۆك . ٢٠١٢
٥. ناوگر لە زمانی کوردیدا: لێکۆڵینەوەی زمانەوانی . ٢٠١٣
٦. مەلا ڕەژوو : کۆمەڵە هەقایەتێکی فۆلکلۆری. ٢٠١٣

# پەیاوۆ

لەگەڵ بارینی پەڕی پەپوولەکانی ئاسمانە تەم نشینەکە،

وردە ماچی سەر بە قەپووچکە ،

پەڕەی ناسکی گوڵە سوور و پەمەییەکانیان،

ئاوڵەدار نەخشاندن..

نەخشین..

بە دەزوە زەرد و سەوزە ئاوریشمیەکان،

دەستە سرەکانیان گرێدان..

پەڕەی ناسکی گوڵە مۆر و سپییەکانیان تێر تێرگوشین

با..

لە کونە باوە،

باوەشێنی گەردەلوولەکان دەکا ..

سەر زەمینی لم لێ نیشتووی بیابانەکان، هەور لوولیان دەداو

شاخەکان دەیانکرنەوە ..

هەناسەی گەروەکان تەنگاو دەکەن :

شۆڕ ببنەوە ..

بنوشتێنەوە..

کرنۆش ببەن بۆ چۆڕێک با..

**دامەنی شیتالْ شیتاڵی کراسە کوردییە سوور ڕەنگەکە**

**هەلا بە هەلا دەبێ، با..**

**پای پەت .. پەت ئەستوور .. دەستسوور ...**

**هۆ هۆ جوانە شوان**

**گۆچانەکەی باپیرەت تووڕهەڵدە**

**قازەکانی ئەم سەردەمە نازە قیڕن ..**

**نوشتەکەی داپیرەت لە خۆتدا بەتاڵکەوە**

**بەهارە بەهار..**

**لە قاوغی کیسەڵە ڕەقهەڵاتوەکە وەرەدەرێ ..**

**مز لە گەرووی ئەو کەروێشکانە ڕووناچێ**

**کە بەعارەبانە دەگیران..**

**پەلەبکە هەڤالْ .. با هەڵیکرد..**

**هەورەکان ببارێنە**

**گولْ بەڕێوەن گولْ..**

**ماچ لە لێوی ترشاوی یادەکان هەڵمەسوو..**

**لە کادینێ ئەرشیفیان کە..**

**ئێشک بە ئەستێرە کپ و مۆنەکان بەردە**

**ڕۆژ هەڵدێ ڕۆژ..**

**هەر بەتەنیا قاز و مراوی نین چاوەڕێن**

**بەری بەیانە .. برا.. گەورە**

**تەنیا منداڵە گرینۆکەکان نین قیژەیان لێوەدێ...**

**هێور بەوە ... سالار**

**سەرخەوێک بشکێنە بەم پەنجەرانە**

**شنە بەرن..**

**لە سەر شانی ئەو وشە سیسانە دابەزە**

**ئەستۆ وردکەرن..**

**لە گەرماوی ئەو دەمانە وەدەرکەوە**

**بۆن سێویان لێدێ..**

**هاوڕێ**

**چاوەکانت داگیرسێنە، ئەگەر لە خەمی ئاگردانی خۆت دای**

**هەناسە بدە.. گەش بەوە.. چرا...**

**گەر دەتەوێ رەش نەکوژێیتەوە..**

**بەدوای دەنکە پیاوەکانی فرمێسکێکی پیر،**

**گەڕان**

**سەری بەگۆڕەوەنام..**

**نارەگ**

**تۆز هەڵتەکێنە تۆز**

**گەر ملوانکەی مرواری دەکەیتە ملی کچەکەت .. مامۆ..**

**گەردانەی ددانە مرواری لە گەردەنت مەئاڵێنە ..**

**بترسێ**

**بوخچە پڕئێسکو پرووسکەکەت لەقوژبنی ولآتاندا لەبیربچێ!!**

**مەشەرمێ .. نیاندارتالی.. نیاندارتال ..**

**رەنگاو رەنگ بە نەوت و خوێنی رەش. مەشەرمێ..**

**سوور .. سپی ... زەرد .. سەوز بە خۆت دادە پیاو..**

**با مندالْدانێک لە دایک بێ**

**گوێی لە شیعر**

**هەستی لە مۆسیقا**

**زمانی بە گۆرانی رەنگ کە، ستاندارد**

**لوتکە لای نالی یە**

**بەرزی لای حاجییە. مەلا ، نەک دەروێش**

**گۆچانەکەی باپیرەت توورٍ هەڵدە پەیاوۆ**

**لاوکێک بۆخۆت بچڕە .. نەمر**

**تا کا وەیسێک زیندووە.. ئاغا..**

**لافاو دوورگەکان نغرۆ دەکات..**

**ئاگر پەڕەکان دەسووتێنێ..**

**برسی نانەکان دەخۆن**

**با دەفتەرەکان پەڕ پەڕ دەکات و**

**گەردەلوول لوولیان دەدات ... زانا**

**وەرە خۆت لەو نوشتەیە بەتاڵ کەوە شێتە..**

**مەبە کەروێشکی ڕاوێ**

**رەوڕەوە لە زارۆکێک وەربگرە و شەقاوەکانی خۆت باوێ....**

# گەردەلوول

**ئەستێرەکان بەسەر یەکدی رشانەوە**

**کاتێ مانگ بینایی لەدەستدا..**

**مانگ بینایی لەدەستدا**

**کاتێک رۆژ خۆی پێچایەوە و هەڵات..**

**رۆژ خۆی پێچایەوەو هەڵات**

**کاتێ ئەستێرەکان بەسەر یەکدی رشانەوە..**

**ئەستێرەکان بەسەر یەکدی رشانەوە**

**کاتێک مانگ بینایی لەدەست دا..**

**مانگ بینایی لەدەست دا**

**کاتێ رۆژ خۆی پێ چایەوە و هەڵات**

**رۆژ خۆی پێ چایەوە و هەڵات**

**کاتێک مانگ بینایی لە دەستدا**

**مانگ بینایی لەدەستدا**

**کاتێ رۆژ خۆی پێچایەوە و هەڵات .**

**رۆژ خۆی پێچایەوە و هەڵات**

**کاتێک رۆژ هەڵات..**

# لەقبوون

لەسەر شانی خەمەکانت هەڵمبگرە و

بەنێو تارمایی دیدەتدا بمگەڕێنە

ئەی بەستەڵەکی بەرد

رێگات بەرد و

دڵت بەرد و

کەللەت هەر بەرد

من  لە کۆتایی هاوینێک لە دایکبووم و

لە نێو خاپەرۆکی پاییزێک خۆمم ناسی و

لەم زستانە لەرزۆکەشدا .. ڕەق

دەبمەوە..

ئەگەر سەوزایی گلێنەکانتم لێ ون نەکەی

رەنگە بە بەستوویی دەست لەگەڵ بەهارێک تێکەڵکەم و

بۆ نەرمە گوڵێک بە ئاسۆیی شەق بم ..

ئەگەر فرمێسکەکانت گەرمم بکەنەوە

رەنگە رووت ببمەوە و

**وەک بەفر**

**گژنیژی و**

**وەک قوڕ تینوو و**

**وەک گۆپکە گروانێک**

**بۆ چۆڕێک ئاو**

**لەگەڵ کەپکە شاخێک لەق بم ..**

# سوار

**لە نێو شادەمارەکانی ملی ئەو دەستە لەچی دەگەڕێی؟!.....**

**پێم وتی تەزووی ئەو هەڵچوونە لەکوڵە، بێ خەم!!..**

**تا زووە تاڵە قژەکانت لوول دە و**

**لەو کونە پیسکە دەرپەڕە...**

**ئەم تیشکە رۆژانە پێمدەڵێن:**

**ئەو شەوە تاریکانەت لەیادکردوون ،**

**کە دەست هەمووکەس نەدەکەوتن!**

**ئەو پەنجە باریکانەت**

**لە قۆڵایی تەپڵە ی چاوی ئەو وردیلانە کوژاندنەوە**

**کە دەتکێشان؟!**

**ئەو لێوانەی دەتکرۆژتن**

**بە قوللابی قەسابخانە هەڵتواسین بۆ فرۆشتن..**

**پێموتی**

**پەیژە ڕەشەی پێکەناندن**

**سەری لەهەورە سپییەکانەوە دەردەچێ.. سواری مەبە..**

**فێرم ناکەی لە مەکتەبی کامە مستەر پێیان گوتووی: ..**

**سواری مەبە..**

**بەسسە ئیدی ،ئەو رێگایە لەپێ مەبڕە .. سواری مەبە ..**

**لە نێو تونێلی گەنیوی ئەم وەرزەدا سڕو مت بووی**

**وەرە با ماچت کەم..**

**لە نێو گەنیوی تونێلی ئەم وەرزەدا سڕو مت بووی**

**با ماچت کەم وەرە..**

**سڕو مت بووی لە نێو تونێلی گەنیوی ئەم وەرزەدا**

**وەرە ماچت کەم با..**

**وەرە ئەی با**

**ملی ئەو شادەمارانە جێبێڵە .. مەگەڕێ**

**خەمێك لە هەڵچوونی ئەو تەزووە دامرکێنەوە**

**دەر پەڕە..**

**سواری مەبە ...**

# سیروان خۆشناو

سیروان واحد خدر، ناسراو بە سیروان خۆشناو:

لە دایکبووی سالّی ١٩٨٤ ی شاری شەقلاوەیە، بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی بەدەستهێناوە.

لە سالّی ٢٠٠٤ یەکەم بەرهەمی لە رۆژنامەی روانین بلاّوکراوەتەوە، دواتر بەشداریی لە چەندین کۆڕی شیعرخوێندنەوە کردووە، لە چەند رۆژنامەو گۆڤارێکیشدا شیعری بلاّوکراوەی هەیە.

**دەرگاکان، یان پەنجەرەکانیش دامەخەن**

**دەنگەکان بەو ڕێگاییەدا**

**بەهێزتر لە (با) ....... لە نێوان باڵندەکان و ئاسماندا**

**هەرگیز!!**

**خەونی تر و**

**خۆزگەی تر نابینن،**

**ورد ورد**

**لەبەر پێدا هەڵوەرین گەڵا گەڵا، گوڵەکان**

**وەک خوناو**

**رۆیشتن**

**بۆ هەڵمژینی قومێ ئاو**

**ئەمە چ مردنێکە!!!! جیهان**

**چرچ و لۆچ وەک**

**پشتی دەستی پیرە پیاوێک، لەرزۆک**

**لە رۆژهەلاتی خەیاڵێکمدا، هیچ شەوێک نییە**

**گۆزەی بەتاڵم پڕ ئەکەم لە نیگات، کە تێپەڕ دەبێت**

**تۆ لەژێر سباتی شیعرەکانمدا/ پەنجەکانت**

**بە ئاوی وشە تەڕ دەکەیت/ لە پڕ**

**ئەمگریت، ئەمگریتە باوەشت، پڕ بە هەناسەکانت**

**پەیکەرێک / من و تۆ/**

**دەنەخشێنێت**

**تا سەرووی کەشتی حەزەکان، لە پڕ**

**بێ دەنگ لە نێو گۆرانییەکی شەونمی**

**ئەمەوێنیت،**

**چاوەکانم هیچی دیکە، بەسەر پەیژەی ئاسماندا**

**پێیەکانی سەرناکەون، حیکایەتەکانی**

**مانگ ناخوێننەوە، رێگاییەکی کورت بوو**

**لێم گەڕێ بابتبینم ئەمجارە لە رۆژئاوای خەیاڵێکمدا**

**هیچ شیعرێکم نییە نەیفڕاندبیت، ئیتر دوور تر**

**مەرۆ سەرەتاییەک ئەبینم، رۆحم**

**بەسەر تاڤگەی دڵت شەپۆڵ دەدا**

**لەسەر سنگی هەموو شەوێکم نزیکتر**

**چەند گۆرانییەک**

**لە چاوەڕوانیدا باوەشیان کز کز، هێندەی**

**لاسکە گیایەک شێتانە رەنگی شەونمیت**

**مات**

**مات**

**مات**

**مات ئەبن هێندە تا ئەوپەڕی سنور، ئەستێران لەشەودا**

**پڕ**

**پڕ**

**پڕ حەز لەیەک دەچن، کوێستانی**

**من ز تۆ، ئیدی مەڕۆ دوورتر، نزیکتر ئەبینم**

**تۆ دانیشتوویت خێراتر دادەکا بارانی عەشقت بەسەرمدا**

**ون**

**ون**

**ون نابن خۆزگەکانم لە شوێن پێکانت، تەنها و تەنها**

**بیژەنە، بیژەنە بە کەمانی خەونەکانت**

**دواین سەمفۆنیا بێت، وەختی ون ئەبم لەو دیو**

**بیرەوەرییەکانم**

**یەک**

**یەک**

**یەک تالی قژت تینوێتی پەنجەکانم تەڕ دەکەن**

**کە خۆی هەڵدەکێشێ لە چاوانم خەوێکی**

**ڕوون، لەسەرخۆ ئەبینم خەونێک**

**لە دەرگا دەدا**

**دوور نییە لێم، لەنێو چاوانم دەدرەوشێتەوە مانگ**

**لە قەراغ چاوەکانمدا دەڕوا**

**کە بەهاری لێوەکانت لەم پیاسەییەدا شکۆفەی**

**تک تک لێدەڕژێت سەراپا، بهێڵە ژوورەکەم هەتا سپێدە**

**پەپولەکانمی تیا هەڵفڕێنم، ئەگەر بڕیار بێت**

**خەونێکی تر گۆرانییەک**

**خۆی لە لێوەکانم هەڵکێشی، پێکەنین**

**کفنی خەمەکانم بدڕێنێت**

**دەستەکانم والاّ دەکەین، پێکەوە**

**کاتێک دەچینە ژوان**

**گوڵ بابنوێ، نمە نمەی بارانیش با لە نێوانمدا**

**داباریێت، کە لە شەقەی باڵ دەدەین**

**لەسەر داران و وێنەی یەکتر هەڵدەکۆڵین**

**کە دەستمان پێکرد، سەرەتا دانە دانەی خۆشـیەکان بـژمێرە، هەتا**

**رێی خانەقای چرا، جگەرەییەک دادەگیرسێنم، منیش**

**بەو شەقامەدا دەڕۆم**

**لە رۆژ هەڵاتـ با لە رۆژ ئاوا یەکتر ببینین**

**نەکا باران نزای دابکا**

**ئەم زەمینە حیکایەتی نییە نەچێتەوە سەر گۆشەگیری**

**ئەبێت زوو بڕۆین تا درەنگتر هەنگاوەکان**

**رەنگ بکەم، بڕێجار لەرز دامدەگرێت هەتا**

**چرکەیەک، چرکەیەکیتر زمانم لال**

**هێشووی خەیاڵم مشتێ دەنگی درێژە**

**کە دەستمان پێکرد، تۆ خۆشیەکان بژمێرە، هەتا**

**منیش ژمارەی جگەرەکانم**

**لەرزی پێیەکانم ناهێڵێ بۆ کوێ؟ تا کوێ؟ دەڕۆی**

**بیر دەکەمەوە، لە رۆژئلوا**

**گەلا گەڵای دارەکان ئەژمێرم ببورە خانم، بیر بکەوە**

**دڵێک لەوێ چاولێک نانێت بۆ خەو**

**دەستەکانیشی واڵا**

**کاتێک بەر یەک دەکەون، ئاسمانێک شین نا**

**سوور ڕوخسار**

**وەک ئەوەی نیگای یەکتر بدزن، لە هەر کاتێکدا دەکەونە سەما**

**هەر جارە گۆرانییەک ئەچڕن، ناکا لە هیچ**

**نەبینم، پێکەنینەکەت**

**تا سنوری تێربوون، لێوەکانت لێک نانێیت هێندە پڕ حەز**

**نەرم نەرم ئەخەون، تۆش بێ ئاگا**

**کاتێک ماچت دەکا**

**چەند زوو ڕائەچڵەکێی...!!**


**بیربکەوە من،**

**نا لێوەکانم**

**که وەک هەورە تریشقە لە سینگت دەدا**

**تۆ بڵێی**

**ملوانکەکەت ئازارت نەدا؟؟؟!!**


MAKWAN.

# شەهێن تەها سەعید

لە ساڵی ١٩٥٧ لە شاری کەرکوك لە بنەماڵەیەکی شیعر پەروەر هاتۆتە سەر شانۆی ژیان. کچی ( رەهبەر ) ی شاعیرە.

لە تەمەنی ١٧ ساڵییەوە خولیای هۆنینەوەی شیعر بووە، دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دەستی بەبڵاوکردنەوەی شیعرەکانی کردووە.

لە زۆربەی گۆڤار و رۆژنامە کوردییەکان بەرهەمی بڵاوکراوەی بە زمانی کوردی و عەرەبی هەیە و لە زۆر کۆڕی شیعرخوێندنەوە بەشداریی کردووە. جگە لە شیعر، لە بواری وتارنووسین و رۆمان نوسینیشدا باڵا دەستە. تا ئێستا دەرفەتی بەچاپ گەیاندنی دیوانی شیعری و رۆمانەکانی نەبووە.

لە ساڵی ١٩٩٩ ەوە لە شەقڵاوە نیشتەجێیە، مامۆستایە و بەشدارییەکی بەرچاویشی لە بزاڤی رۆشنبیریی شەقڵاوەدا هەیە.

ئەندامی دەستەی نوسەرانی بڵاوکراوەی شالوور بووە و ئەندامی دەستەی کارگێڕیی کۆمەڵەی رۆشنبیرانی پێشکەوتنخوازی شەقڵاوەیە.

# هزرێك پێش دوا هەنگاوەکانی هەور

نەکرایەوە

ئەو دەرگایەی چەندەهای چەندە لێی دەدەم

من هەر لەو دیو دەرگاکەوە هزرێك لەلام دروست بووە

تۆ نەنوستووی

خەریکی نان خواردنیش نیت

هیچ کوێ نەچووی

تەنها لە وێنەیەکی منالێت دەگەڕێی و نایبینیەوە

چەند بە هێواشی رێ ئەکەم بە لێواری قەناعەتا

زەمەن بۆ خۆی بە پەلەیە و جێم ئەهێلێ

ئەزانم گەر پەنای پەڕەسێلکە بدەم

بە ئاسانی فێری کۆچ کردنم ئەکا

**کۆچەریی بم**

**خاک داوای خوێنم لێ ناکا**

**هیچ پەنجەرەیەکیش خولیای چاوەڕوانیم نابێ**

**دەست بەرداری رێگاش نابم**

**هەر کوێ بچم منالأنە دوام ئەکەوێ**

**نایگەمێ من دوا هەنگاوەکانی هەور**

**بە ئێواران گوێم لە چرپەیەکە ئەڵێ ماڵ ئاوا ماڵ ئاوا**

**کۆتر لە شەقەی باڵ ئەدا و هەتاو لە دابەزیندایە**

**هەور چارەنووسێکی تاریکتر لە شەو بانگی ئەکا**

**هەموو هەر ئەڵێن ماڵ ئاوا**

**چوومە جیهانی ( kp )ەوە و هەر بە کپیش هەستم ناسی**

**تا ئەوپەڕی بەرزی هەڵچووم**

**لەو ساتەدا**

**ئاسمان منم**

**هەور منم**

**بەفر منم**

**ئیدی گرێک لە قەسیدەکانی نزار لە رۆخی کوانووی تەئەممول**

**دەنا چی دی نییە هەردووکمان گەرم بکاتەوە**

**شەوێک لە باخەڵی چەمەکەدا**

**دڵم کرد بە دوو بەشەوە**

**بەشێکیان بوو بە ئارامگەی گیانی گەڵا وەریوەکان**

**ئەوی تریان توایەوە گەرووی زەوی**

**هەر تنۆکێک لە کانیاوێک بوو بە میوان.**

.................. **فبرایر ٢٠٠٠ شەقلاوە**

# درەخت پڕ نهێنیە

**نهێنیەک لە سێبەری درەختی هەڵچوو**

**بۆ باوەشی ئاسمان**

**نهێنیەک درەختەکان تەی ئەکا و چارەنووسی گەڵا مردووەکان**

**بە ڕەشەبا ئەسپێرێ**

**نهێنیەک مەزن ئەبێ بە گواستنەوەی گیانی هەتاو**

**بۆ لق و پۆپی ئەو درەختەی سەرسامی سەمای پەپوولەیەکە**

**ئەو کاتەی مامۆستاکەم پێی ووتم**

**(درەخت بە پێوە ئەمرێ)**

**من هەرزەکار بووم تێ فکریم**

**ئاخۆ هاواری گیانەڵای تا چەند بەرز بێتەوە و**

**کێ بیبیستێ**

**کێ ماڵئاوایی لێ ئەکا و کێ بۆی ئەگری**

**قوژبنی سەرەوەی سەختترین هاوتەریبی لقەکانی**

**کپ و ماتە**

**بێ مەراسیم بێ ڕێپێوان**

**با وورده رازی دڵدارەکان نەورووژێن**

**شەرمەزاری مەرگیش نەبێ**

**ساتە وەختێ سێبەرەکەی بە ڕەنگێکی تاریکەوە**

**جێ ژووانان بوو**

**مایو/ ١٩٩٩/ شەقلاوە**

# لەو دیوی پەردەی موعانات

**ئێمەی جیاواز تۆ ئاسۆی ئێوارەیەکی و من بەیانی**

**تۆ پەڵە هەورێکی باریک لە ژێر پێتا دائەگیرسێ**

**من ئاسوودەیی پەخش ئەکەم بەسەر ڕوخساری سپێدە و**

**دەروازەی باخچەی ساوایان**

**تۆ نیشتمانێکی مۆر و من پەمەیی**

**ئاگاداربە**

**کچان ڕەنگەکانیان بردین**

**کراین بە مۆدێلی ئەمساڵ**

**وەنەوشەکانی یەخەی تۆ**

**هێشتا**

**بۆنی گوڵە باخی قژی منیان لێ دێ**

**لە نەرمە کەنارێکی یاخیبوون**

**ئەمجارە من ڕووەکێکی دڵ ئازادم**

**سەمای زۆربای بائیسێکی ئەم سەردەمە**

**ئەبەخشم بە گوڵە دەم بە خەندەکانی مێخەک**

**تۆش ئەمجارە پرسەی گەنجێکی نادیاری**

**تەنها غوربەت لە قامیشەڵانی ئەسەف**

**دوو دڵۆپە ئەسرینت بۆ ئەخاتە لەپی زەوییەوە**

**منیش ئەوسا دڵم ئەبێ بە گۆڕی غەریبی و گۆمی یاداشت**

**بڕیار بڕیاری هیجرەتە بەرەو سەراب**

**ئێمە هەر بۆ سەراب ئەچین**

**ئاخۆ سەراب بۆکوێ ئەچێ**

**لە ساتە جیاوازەکانا**

**دەریای سزا و کەناری سەبر**

**هەردوویان کردین بە هەڵم**

**هەڵم هەڵم دواتر هەور**

**کاتێ هەردوومان هەور بووین**

**من بووم بە سۆز و داباریم**

**نمە نمە بەسەر باڵای کچەکانا**

**نمە نمە بەسەر ئازاری ویژدانا**

**بەسەر شووشەی ماشێنەکانی زلە پیاو**

**بەسەر بێدەنگی گۆڕستان**

**بەسەر گومانی دیوار و چاوەڕوانی چۆلەکەکان**

**نمە نمە ئەهاتمە خوار**

**تا خەمە کپکراوەکانی وڵاتەکەم بشۆمەوە**

**بووم بە بەرام بۆ خاك و خۆڵی شارەکەم**

**کەواتە هاوڕێ**

**من بووم بە سۆزی بارانی هەنووکەیی و**

**تۆش بووی**

**بە پاش ماوەی هەور**

**ینایر/١٩٩٩/ هەولێر**

# فەرهەنگ صابر ئەحمەد

ناسـراو بـە فەرهـەنگ کوردسـتانی، لـە ١١ی ئـازاری ساڵی ١٩٧٩ لە شەقلاوە لەدایکبووە.

بەکالۆریۆسـی لـە کـارگێڕی و ئـابوری بەدەسـت هێناوە.

یەکـەم هـۆنراوەی لـە سـاڵی ١٩٩٥ لـە رادیـۆی شـەقلاوە دەنگـی کوردسـتان بلاّوکردۆتـەوە. لـە چەندین کۆڕ و بۆنەدا شیعری خوێندۆتەوە.

نامیلکەیـەکی شـیعریی بـەناوی (سـاقی لـە مەحشـەری پایزدا) ئامادەیە بۆچاپ.

# شــــــــــــەقـــــــــــلاوە

بــووکــی کــوردستــان شـــاری ڕەنــگیــنم
ســەرچاوەی جوانــی بــەهــەشــتی ژیــنم
لانـــەی شـــێران و پـــڕ داستــان جــوان
شــاری عــاشقــان و هەســتی شــاعــێران
* * *
ســەرچـــاوەی جــوانی و ڕووبار و کــانی
هـــەوای فــێــنــك و بێ هــاوتــای جوانی
لــە ئامێزی ســەفین و ســۆرك لاوێندراوی
بـــەلاوك و حـــــەیــرانـــی کـــوردەواری
* * *
شــۆڕەی جــۆگــەلــە و ســەوزایی بــاخــت
دەنــگی شــالــوور و قــاســپەی کــەوانــت
هــەورازی و لێژیت پــڕ دیــمــەنــی جوان
شــاری ڕەنگا و ڕەنــگ سەرسامــی جیهــان
* * *
نـــەریــتــی کــۆنــی پــێــکــەوە ژیــانــت
نــاسنــامــەی شـــەهــیــدی قــارەمــانــت
پــایتەختی پێشــمەرگــە و شــۆڕش گێران
ســەردێــری مــێژووی کــورد و کــوردســتان

....سێ شەمە ( ٢٠٠٩/٧/١٤ ) شەقلاوە

# موریدی پەرستگا

لــە بـاغــی تــۆوە سێــوم بینیوە هەر دەیبینم
لــە لێوی تۆوە تـامـم چێشتووە هەر دەیچێژم
لــە پەرستگای تۆوە موريد بوومە هەرموریدم
پڕ بەبالآی تۆوە شیعرم نووسیوە و دەینووسم
........شەمە ئێوارەی ( ٢٠٠٩/٩/١٢ ) زانکۆ

# تاعەتی شەوی یەڵدت

کـە تــریفەی دا بــاغی سەرمەستی دولــبەرەکەی مـن
مانگ ڕووی خۆی وەردەگێرا بــە دیــدەنی یارەکەی مـن
شەرمەزارە مــانــگ وا لەهیجرانە ئــەی مەحبوبەکــەم
ڕووی لەمن بکا تــا قەرار بـگرێت خامەی کـولــی مـن
*　　　*　　　*
لــە مــەیدانی عیبادەتدا سەییادت کـرد دڵەکەی مـن
عەجەب!چۆن تووشی سیل نـابم ئەی تەبیبی دەردی من
نــزا خــوازم ئــەی پــەروەرم چــاو کاڵ بکەیتە نەسیبم
نەزربێ شەوانی یەڵدا بــۆ تـاعــەتـت بــێ خاڵقی مـن
........ شەوی شەمە ( ٢٠١٠/٢/٦ کات ٩ ) شەقلاوە

# "حەشری پـــایـــز"

## "کە پایز دێت"

**هاوین لە حزووری خۆیدا دادەبرێنێت**

**عاشقان بۆ جوانی خۆیدا دەسوتێنێت**

**وشە بەشاعێرە شێتەکانی دەدرکێنێت**

**بولبول لە نوغمەی خۆی دادەمرکێنێت**

**بەڵام! بولبولی مـن تازە باڵ دەگرێت**

**بـەپانتایی و بەرزایی تـۆدا دەفـرێت**

**تازە نوغمەی غەزەلی شەیدا دەچـرێت**

**بـۆ سەرسامی و حـوزنی تـۆ دەگرییێت**

## "کەپایز دێت"

**سەری ساڵ و جەژنی من دەست پێدەکات**

**لەگەڵ هەڵوەرینی هەر گەڵایەکی نەرمت**

**بـەرائـەتی خـۆشـەویـستی دادەبـارێت**

**چاوەکانم پارچەیەک بەهەشت دەبینێت..**

**هەرچەندە من تێناگەم لە ئاڵۆزی  سیحری نهێنیەکانت**

**بەڵام دەزانم پڕە لە چیرۆکـی نەزانراو**

**وەکوو کەشتیە گوم بووەکانی ژێر دەریایەکان وایە**

**بەهەزاران ڕێبوارلەداوی خۆی دەئاڵێنێت**

**"کەپایز دێت"**

**کانیاوی شیعرم دەتەقێتەوە بۆت**

**نازانم!؟...حوبری کامە دەریات**

**پێنوسی کامە دارستانت...پەڕی کامە هەوورت**

**وشەی کامە دڵۆپە باران بۆت بهێنم**

**سەراپا فەرهەنگێکی پڕ ناوەڕۆکت بۆ دابڕێژم**

**"کەپایز دێت"**

**کـەسـێکی وەکـو منـی عـەوداڵت**

**چـوزانێ هەڵبەستێکت بۆ بنوسێت**

**بـەمەستی و جـوانی دا هـەڵبرێت**

**وا ئێستا!..پەنجەکانم دەلەرزێت**

**پێنـوس لـە دەسـتم ڕادەچـڵەکێت**

**وشەم وەک سەرخۆش لەنگەر ناگرێت**

**لەبەرامبەر دیمەنی پڕسحراویەکانت**

**"کەپایز دێت"**

**بە دیدەنی هەر وەرزێکت...پاداشتم دەکەیت**

**بەبۆنی هەر گەلآیەکت...لەناخەوە ئاسودەم دەکەیت**

**بۆ پیاسەو هەر دەست گرتنێکت...بۆ دوونیای ترم دەبەیت**

**لە هەنووکەی دام دەبرێنیت..زمای عەشقێکی نوێم پێ**

**دەبەخشیت**

**"کەپایز دێت"**

**گەر پەروەرێنم لە کەشتییەکەی ژیان دامبەزێنێت**

**لەتەمەنی گەنجی یا پیری بێت...بەلامەوە گرینگ نابێت؟!**

**ئەوەی گرینگ دەبێت...لە ئامێزی بووکی پایزم بێت**

**لە ژێر دارچنارەکانی بەردەم ماڵەکەم بێت**

**پایز گۆڕێکم بۆ هەڵکەنێت**

**بەڵکو هەمـوو ساڵێك...کە پایز دێت یادم بکەیت**

**ڕوحیانەتی گەلآکانت ...هەڵبوەرێنە سەر گۆرەکەم**

**تا گۆرەکەم تێر ڕەنگی پایز بگرێت**

**"کەپایز دێت"**

**نزا خوازم ئەی پەروەرێنم**

**لەڕۆژی دوای کە زیندووت کردمەوە**

**لــە یەکەمین ڕۆژی پایزبێت**

**بەبەرگی گەڵاکانی پایزبێت**

**بــە زمانی شــیعری پایزبێت**

**باحۆریەکانیشم ناویان پایزبێت**

**با دەفتەری کردارەکانیشم**

**یەکە یەکەی پەڕەکانی**

**لەگەلأی دار چناری پایزی شەقلأوە بێــت..**

**لەگەلأی دار چناری بەردەم ماڵەکەم بێــت..**

**...نیوەڕۆی شەمە(١٩/١٢/٢٠٠٩/کات ١٢,٣٠)شەقلأوە**

## وەسیەتی شعرم

**وەسیەت بێت گــەر نەفەس وەستا بۆ یارەکەی من**

**تووشی سیل و وەرەم بوو سینەی پڕحەسرەتی من**

**گەر بشت بوورم لەبیٚ باگی و دلٚ سافــەی خــۆم!**

**هەرگیز نـابــووریٚ وشەی شیعرە شێتەکـــانــی من**

....**شەوی هەینی ( ٢٠١٠/٢/٦ کات ٨,٣٠ )شەقلاو**

# هەستێك بۆ/ ئیبراهیم مستەفا وسو شێخە

نازانم بە چ وتەیەك ؟

بە چ زمانێك و بەکـام پێنووس؟

ڕازی دڵم بنوسم براگیان...خۆ بەدەستم بوایە

هەرچی وشەی ناو فەرهەنگ هەیە کۆم دەکردەوە

جوانترین سۆزم پیٚ دەڕازاندەوە بۆ تۆی خۆشەویست!

هاوڕیٚ.....خۆ تۆ بۆمن هەر هاوریٚ نەبووی

بەڵکو تۆ بۆمن هەمو و شتێکی حەز و ئارەزوو و لاوینی من بووی

* * *

ئەوا شەقامە و کۆلاٚنەکانی شارەکەم

هەمویان بۆنی تۆیان لیٚ دێت و بوونە یادگاری....

ئاخ سەد ئاخ هاوڕیٚ هەموو ڕابردووی خۆمان

بونە یادگاری و پەندی زەمان

وا ئێستاش قەلەمەکەی ژێر پەنجەی خۆم... یادگاریەکی تۆیە

وێنە جوانەکان .. یاگاریەکی تۆ یە

نەخۆشخانەکان کوچە و کۆلاٚنی شارەکەم... یادگاریەکی تۆیە

من باوەرم نەدەکرد هەرگیزاو هەرگیز

ژیانی خۆشی و ناخۆشی هاوڕێیەتی مان ببێتە یادگاری بۆمن

* * *

بەیانی هات

ئەستێرەکان ماڵئاواییان دەکرد

**خۆریش وردە وردە خۆی بەماڵەکان ئاشنا دەکرد**

**گوڵە شەوبۆیەکانیش، هەموو جوانی و بۆن خۆشی خۆیان دەبەخشی**

**لەم بەیانیەدا ماڵ ئاوایی دەکەن.**

**شەقامەکان ...کۆلانەکان**

**دیمەنێکی زۆر سامناك نیشان دەدەن**

**بولبولانیش مەنفایی ئاواز دەکەن**

**پە پولەکانیش جارێکتر لە گوڵزار ناگەڕێن**

**عاشقانیش خەمێکی تر لە کۆ دەگرن**

*          *          *

**ئەوا وەرزی پایز تازە خۆی بەدی دەکات**

**کۆتایی بە سەوزایی بالاٌتا دێنێت**

**تام و بۆنی سەفەرت پێ دەناسێنێ**

**کزە بایەکانیش یەك لە دوای یەك دێن ...زۆر بەرنەمی**

**گەلاٌکانی عومرت دەوەرێنێ**

**گەلاٌکانیش هەموو جوانی خۆیان دەدرەوشێنن**

**دەزانن دوا کاتایانە لە وەرزی دەست لێك بەردان**

**ماڵ ئاوایی لە دەرختەکانی بالات دەکەن**

*          *          *

**هاورێ......کەشەوان لە سەر جێگای خۆم پاڵ دەکەوم**

**لە ژوورێکی ئارام سارد و سڕ....زۆر بیر لە ڕابردوومان دەکەمەوە**

**لە ناکاو دەنگی پێکەنینی تۆم دێتە بەرگوێم**

**هەر چوار گۆشەی  ژوورەکەم...دەبێتە تابلۆی تۆ**

**دەمەوێت وەک جاران...دەستەکانت بگوشم و**

**پێت بڵێم چاو جوان...چاوەکانت ڕووناکی ژوورەکەمن**

**بەڵام کە بۆ دەچمە پێش ...بزر دەبێت و خەمێکی ترم لە دایک دەبێت**

* * *

**هاوڕێ ...تۆ بۆخۆت ڕۆیشتی لەدوونیایەکی کاتی**

**چوی بۆ دونیایەکی ...تازەو بێکۆ تایی**

**منیش هەتا دەمرم...گۆرانی خەم دەڵێمەوە**

**ئەزانی بۆ!؟...چونکە تاکۆتایی ژیانت**

**هەمو خۆشی وناخۆشی و نهێنیەکانی منت بردە ژێر گڵ**

**منیش تاکو شەمەندە فەری مەرگ دێت...وەک تۆ دەبم هاوڕێی**

**خونچە گوڵی ساوای هەڵوەریوم...ناوی تۆم هەرگیز لەیاد ناچێت**

* * *

**هاوڕێ...ئەوا سالأنێکە بەسەر ئەم کۆچەت تێدەپەرێت**

**چاوێکی قەتیس ماو پڕ لە فرمێسك و خۆشی نەدیت لە ژیان**

**دڵێکی پڕ لەحەسرەت وئاخ و کەسەر**

**دەزانم زۆر تامەزرۆی دیدەنی ژێرخاکی بووی**

**بۆ ئەوی هەناسەیەک هەڵمژیت**

**چونکە ڕۆژێک لە ژیانت...گوزەرانێکت نەگوزەراند بەخۆشی بێت**

**گەشتێکت نەکرد بەجۆش و خرۆش بێت**

**ئەو خەندەیەی لە سەر لێوانیشت بوون ...باوەربکە بە زۆری بوون!؟**

* * *

**برۆ بنوو.....دەسا ماڵ ئاوا**

**سالآنێکت لە تەمەنی من برد و**

**سالآنێکیش لە تەمەنی خۆت نوێکردەوە**

**سالآنێکە چاوەکانم...شەیدان و لێڵن بە دواتەوە**

**هەر چاو دەگێرم ناتدۆزمەوە.**


**هاوڕێ...بەڵێن بێت هەموو ساڵێک یادو ستایشت بکەم**

**بە پێنوس و چاوی پڕ لە فرمێسکم ...هاوڕێیەتیمان نوێ دەکەمەوە**

**دێمەوە سەر گۆرەکەت و**

**گۆڕەکەت تێر تێر لە باوەشت دەگرم**

.....( ٢٠٠١/٩/٦ ) **شەقلاوە**


MARWAN.

# مامز هەرکی

مەعصوومە صالح مەحمود، ناسراو بە (مامز هەرکی).

لەساڵی ١٩٨٢ لە ئاوارەیی و لە شاری (یەزد) ی ئێران لەدایك بووە، سەرەتای نووسینی بە شیعر و چیرۆك و بە زمانی فارسی دەست پێکردووە.

بابەتێکی لە پێشبڕکێیەکی منداڵان لەسەر ئاستی کۆماری ئیسلامی ئێران پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە و لەلایەن سەرۆك کۆماری ئەو وڵاتە (خاتەمی) خەڵات کراوە.

دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستانی ئازاد، بەرهەمەکانی بەکوردی نوسیوە، چیرۆك و رۆمان و شیعر دەنووسێ.

ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری کۆڕێ بوە.بەرهەمی بڵاوکراوەی لە گۆڤارەکاندا هەیە.

بەشداریی لە چەندین کۆڕی شیعرخوێندنەوە کردووە.

# ئەم شەویش

وەرە بنواڕە ئەم شەویش، بێ تۆ خەو نایەتە چاوم
نییە مەی چارە بۆ دەردم، بە دەردی دڵ پەشۆکاوم
وەرە بنواڕە ئەم شەویش، داماوی کونجی مەیخانەم
بە نووری دیدەکەت قوربان، رووناك کەوە ئاشیانەم
وەرە بنواڕە ئەم شەویش، کە لێل و مەست و بێهۆشم
تۆ ئەی مانگ روویی خۆت دەرخە، بە ماچێ بێنەوە هۆشم
کە ئەم شەو وەك شەوانی تر، هیلاکی سەروی باڵاتم
بەخەنجەری نیگاهی خۆت، مەمکوژە بێ دەسەڵاتم
تەمەننام خاڵی روخسارتە، لە عەشقت ریسوایی شارم
چ باك لە لۆمەیی یاران، چوزانن بۆ گرفتارم
وەرە بنواڕە ئەم شەویش، بە عەشقت چۆن دەناڵێنم
لەیادت بێ ئەمە خەمتە، لەسەر سینەم دەلاوێنم
٢٠١٢/٩/٢٩

# ئەسیری تینوو

ئەی لە جوانی روویی تۆ کە مانگەشەو شەرمیٚ دەکا
نووری روخسارت دەبینیٚ خۆی لە ئاسمان ون دەکا
خەنجەری تیشکی نیگاهت وا دڵم لەت لەت دەکا
بۆنی زوڵفە خاوەکەت هەر لەسەرم هۆش دەبا
سەروی بالاّت کوشتمی دەردم حەبیبا چارەکە
یان بەجاریٚ بمکوژە یان عیشوە تۆ بۆ دڵ مەکە
تامی ماچی لێوی تۆ خۆشتر لە ئاوی زەمزەمە
ئەم ئەسیرە تینووە چەندیش بنۆشیٚ هەر کەمە
عالەمیٚ ئەفسون دەکەی هەر جار بە سیحری خەندەکەت
مەست و بێهۆشان دەکەی ئەو جا بە نازی چاوەکەت
من موریدی خانەقاتم کوشتە بۆ ئیشارەکەت
تۆ بکە روحمیٚ خودای عەشق وا بەحاڵی بەندەکەت

٢٠١٢/٩/١٨

# خاتوونی شاری پاییز

**ئەی خاتوونی شاری پاییز**

**تاکەی هەروا دەناڵێنی**

**لە دەست دڵ رەقی رۆژگاردا**

**هەوری چاوت دەبارێنی**

**ئاه وناڵەی پێنووسی تۆ**

**دڵی هەر بەردێ نەرمی کرد**

**بلبل لە هێلانە فڕی**

**بەرەو جێگای ژووانی برد**

**ئاه و ناڵەی پێنووسی تۆ**

**هەردوو چاوی خەمی گریاند**

**غوربەت سەرپەنجەکانی خۆی**

**لە شەو لە جێی مۆمدا سووتاند**

**ئەی خاتوونی شاری پاییز**

**وەک خۆشەویست نات لاوێنێ**

**لە بیری کە بزەی لێوی**

**با هیچی تر نەت سووتێنێ**

**٢٠١٣/١/١٤**

# ئەفسانە

کە پەنجەی جەفات دڵم دەگوشێ

دڵ لە غەمی تۆ جامێ دەنۆشێ

هەستی دڵ تەنگیم چاو دێنێتە جۆش

هاواری دەیکا بە خرۆش

تیری موژانت جەرگی لەت کردم

خەون و خەیاڵیش بۆ هیوا بردم

یادی باوەشت لانکەی حەسان

بڕیاری دڵ بوو یان مان و نەمان

ماچی سحراوی فسوونی کردم

خۆشەویستی تۆ لە خشتەی بردم

هەر وەکوو مەنگ و بیر و باوەڕ تەنگ

**تەنها دەنگتە بۆ من وەك ئاهەنگ**

**کاری دڵداران کە بەس هیمەتە**

**نرخی لەلای تۆ بۆ بێ قیمەتە**

**خۆشەویستیت وەك ئەفسانە وابوو**

**زوو دەستی پێکرد هەرزووش تەواو بوو**

**٢٠١٣/٤/١٦**

# گوڵ

**دیتت گیانە**

**راستم دەوت:**

**خۆشەویستی لەلای تۆوە**

**یارییێکی تۆپی پێ بوو**

**دەنگی خۆش و قسەی زلت**

**ووشە جوانەکان هافبەگی چەپ**

**تیشکی نیگات، زەردەخەنەت**

**هافبەگی راستی یارییەکەت**

**هاو دەردی چاکەو یارمەتی**

**لە هێڵی بەرگریت داناون**

**خۆت لەگەڵ باوەشی گەرمت**

**هەردەم بۆ هێرش راوەستاون**

**ئەم یارییە لەلات گیانە**

**ئاوتی نەبوو**

**ناوبژیوانێکیش نەبوو**

**کاتێ کەتۆ خەتات دەکرد**

**پێی ویژدانی خۆتت دەشکاند**

**کارتی سوورت بۆ دەربێنێ**

**دڵی خۆتت بۆکرد بە تۆپ**

**وا گۆڵت لێکردم ئاسان**

**چۆن بوو کە تۆ لەبیرت کرد**

**خۆ گۆڵچی خۆت بووم بێ ویژدان.**

٢٨ /٢٠١٢/٩

# نیقاب

ئەی بۆلبۆلی من نیقاب لە رووت لادە
نازیٚ مەکە بۆم سوپای غەمم ڕادە
پڕ کوشتەتە کە کەوتووتە سەر جادە
گویٚ بیٚ لە دەمت بەس وشەیەك سادە
چونکە لەبی تۆ فستەقی خەندانە
چاوی خومارت شەرابی مەردانە
عاشق دەکوژی بە تیری موژگانە
بالای چناریت قیبلەیی مەستانە
هۆرمی هەناسەت هۆشی سەری بردووم
هەر مەست و پەرێشان و بیٚ حالٚ کەوتووم
بۆ نازی نیگاتە جاریٚ کە زیندووم
دوور لە هەناسەت بزانە کە مردووم
بیٚ عەقلٚ ئەی تەبیب هەستە لە بالینم
با هەر بسوتێم لەتاوی شیرینم

**من بووم بە زین و با ئەو بێتە مەم**

**تا بێتە خەوم بەجارێ بیبینم**

**ماچێ لە دەمی بۆ دەردم دەرمانە**

**تێبگەی ئەی تەبیب کە دین و دنیامە**

**بوو بە بت و من ساکنی بتخانە**

**تا روحمێ بکا بەمنی دێوانە**

**یان تۆقی فیراق بەجارێ بشکێنێ**

**ئازار و خەمی دڵ هەموو بڕوێنێ**

**یان دەستی بە خوێنی دڵ بنەقشێنێ**

**جامی تەمەنی (مامز)ی بشکێنێ**

٢٠١٣/٥/٢٥


MARWAN

# محەمەد بالیسانی

محەمـــــەد حـــاجی عـــەلی ناســـــراو بــــە (محەمەد بالیسانی)

لـــە بالیســـــان لــــە ســــاڵی ١٩٧٧ لـــــەدیکبووە، دەرچـــووی قۆنـــاغی ناوەندییـــە، لـــە ســـاڵی ٢٠٠٥ بـــۆ یەکـــەمجار لـــە کـــۆڕێکی شـــیعر خوێندنـــەوە بەشـــداریی کـــردووە، لـــە چـــەندین کـــۆڕ و بۆنـــەی دیکـــەدا شـــیعری خوێندۆتـــەوە. ئێســـتاش بـــە بـــەردەوامی لـــە تـــۆڕی کۆمەڵایـــەتیی (فـــەیس بـــوك) شیعر بۆ هاوڕێکانی بڵاودەکاتەوە.

# بۆ ڕابردووم

هەر وشەیەك كە نوسیومە
بۆ رابوردووی پڕ ئازارم
هەڵقولاوی ناخی منە
وەك فرمێسك دێ لە چاوم

* * *

جیا لە خەمی دەربەدەری
یاخود سوتانی زێدی خۆم
بە مناڵی سەرگەردان بوم
دور بوم لە خزم و كەسی خۆم

* * *

یان ئەنفالی ئازیزانم
لەو دەڤەرە خاپور كراوە
ئێستاش سیمای چاوەڕوانی
بە ڕوخسارمانەوە ماوە

# بۆ بالیسان

بالیسان بەخۆم نیە

دڵم بەتۆ دەکرێتەوە

حەزدەکەم هەر وەك باڵندە

بەم ئاسمانە بوخلێمەوە

هەست ئەکەم بۆنو

هەواکەت زۆر جیاوازە

دڵیش لێرە هەڵگری

زۆر نازو ڕازە

خۆڕانیە باپیرانم

بارگەیان لێرە خستوە

سروشت جوانی

لەو دیمەنە وەرگرتووە

پایز و بەهار و زستان

هاوینیشت پێوە جوانە

سەت ڕەحمەت لەو مرۆڤە بێت

بالیسانی کرد بەلانە.

# پایز

**من دەمێکە ئەیلێمەوە**

**پایز وەرزی خەمەکانە**

**بۆیە ڕقم لە وەرینو**

**هەرچی وشەی دابڕانە**

**، ، ،**

**زۆر ئەترسم**

**بەخۆم نیە**

**کەتۆش مەیلت**

**لە خەزانە**

**، ، ،**

**تۆ هێشتا شکۆفەی**

**وەرزی**

**بۆچی ئارەزوت**

**نەمانە**

**من دەزانم**

**وەك مەلێکی**

**سەر هەڵگرتوین**

**دوا قۆناغمان**

**گۆڕستانە**

، ، ،

**بەلاَم ئازیز**

**سەفەر کردن**

**لەم وەرزە**

**گەلێ**

**گرانە**

...

# خۆت بە دڵم پەیوەست مەکە

خۆت بەدڵم پەیوەست مەکە
رابوردوی من هەر سوتانە
من دەترسم لە دڵی تۆ
خەمێ بیکاتە وێرانە
، ، ،
من دەترسم دوا تەمەنمان
بە ئازارێ کاڵ بێتەوە
خوا هەڵناگرێ خەمێکی تر
پەی بە ژیانت بەرێتەوە
، ، ،
من دەترسم عومرت چرۆی
رۆژگاری لێڵ بیوەرێنێ
خوا ئەزانێ من بۆت ئەمرم
کەسێ پەنجەت بهێشێنێ

**چۆن نەترسم تۆ ببینە**

**لەو خاکە ژیان چەند گرانە**

**چەندی وەک من چەندی وەک تۆ**

**دوا هەواریان دابڕانە**

**، ، ،**

**من دەترسم بەخۆم نیە**

**چۆن ژیان لێرە هەراسانە**

**مردنێکی لەسەر خۆیە**

**ئازاری ئەو دڵسوتانە**

# زۆر ئەترسم

زۆر ئەترسم هاوڕێتیمان
بە خەزانێ گوزەربکا
هەرچی وشەی بەسۆز هەیە
بە سەڕابێ خۆی ون بکا

زۆر ئەترسم خەندەکانت
ئاوێزانی دابڕان بێ
پێکەنین و حەزەکانت
هەوێنی ئێش و گریان بێ

زۆر ئەترسم لە رۆژگارێ
بۆ رابردوو بتگرییێنێ
هەرچی خۆزگەی پەنگ خواردوە
هەرەس بە نێوانمان بێنێ

# کە منالّ بوم

هەنگاو هەنگاو

بە ناخی حیکایەتەکاندا

دەچمەوە

جارا ن بە سەدای

دەنگە ناشازەکاندا

گوش کرابوین

ئەو کات ئامرازەکان بیّشەرمانە

نمایشی درۆیەکی بیّ ئەندازەیان

بە گویّماندا ئەچپاند

بیّ ئاگا نەماندەزانی

ئاشوب چ گەردەلولیّکی ڕەشی پیّیە

بە بیرم دیّ شاشەیەکی ڕەش و سپی

هەمو شەویّ درۆیەکی بۆ ئەکردین

عەرەبیّکی لاسار لاسار

خەمیّکی بۆ هەڵئەڕشتین

# وەرزی خەزان

کـــه داوای دابڕانـــت کـــرد

پـــێم نـــەوتی جـــێم مەهێڵـــه

دەمزانـــی خولیـــاو حـــەزی تـــۆ

بــــەدوای خــــەزانێکا وێڵــــه

، ، ،

وشــــــەی پـــــایز و دابـــــڕان

کـــه نامۆیـــه بـــه دڵـــی مـــن

تـــۆ خـــەزانێکی وشـــك بـــوی

بـــۆ وەرزی نێـــو نـــەمامی مـــن

، ، ،

مـــن لـــه وەرزەکـــان ترســـاوم

چـــــونکه یـــــەکێکیان خەزانـــــه

بەختی منـیش وەك ئـەم وەرزە

وشــــك بـــــون و هەڵقرچـــــانه

**گــەلیٚ ســەیرە چــەرخی رۆژگــار**

**بـــۆمن و تـــۆ لـــە دەورانـــە**

**تـــۆ پیٚتوایـــە گـــەلاٚی وشـــك**

**ســـــەوز بونـــــەوەی ئاســـــانە**

، ، ،

**هــەر گەلاٚیــەك دوای وەرینــی**

**قــەت شــویٚنی خــۆی ناگریٚتــەوە**

**دلٚــی منــیش بــۆ وەرزی تــۆ**

**هـــــەرگیز ســـــەوز نابیٚتـــــەوە.**

| | شاعیر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ئاودێر | ١١ |
| ٢ | دڵشاد گۆڤەندی | ٢٥ |
| ٣ | زانا خۆشناو | ٣٩ |
| ٤ | سەرباز مەجید خۆشناو | ٥١ |
| ٥ | سیروان خۆشناو | ٦٣ |
| ٦ | شەهێن تەها | ٧٧ |
| ٧ | فەرهەنگ کوردستانی | ٨٧ |
| ٨ | مامز هەرکی | ١٠١ |
| ٩ | محەمەد بالیسانی | ١١٥ |